# سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەرەوای نابینن براوخوشکی ئەنفالکراو یارمەتی وەرگرن ؟


ئەحمەد مەجید

Ahmadmo9@yahoo.com


ئێمەی کەس و کاری بەجێماوی ئەنفال زۆر دەمێك بوو ئاواتمان ئەوە بوو رژێمی سەدام وەلا بنرێ و کوردستان ئازاد بێ لە چنگی رژێمی خوێن رێژی بەعس و هاوکات گەلی کورد بەمافە نیشتمانی و نەتەوەیی و مەدەنی و رۆشنبیری و....هتد خۆی شادبێ ئێمەی کەس وکاری ئەنفالکراوەکانیش ئاواتی گەورەمان بەدیبێ وحکومەت و پەرلەمانی خۆمان رێز لە تێکۆشان و قوربانیدانمان بگرێ، بەلأم بەداخەوە دوای بەدیهیاتنی ئەو ئامانجانەی سەرەوە بەمافی ئێمەی خاوەن قوربانی نازانرێ پاداشتمان بدرێتەوە.
لەبەرواری 2007/4/24 وەفدێك لە کەس وکاری ئەنفالکراوی گەرمیان وکەس وکاری شەهیدان لە سنوری هەڵەبجە و سلێمانی گەیشتینە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی فشار دروست کردن و گۆرانکاری کردن لەو پرۆژە یاسایەیی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ، بەتایبەتی بەندی (6)و(8)کە باس لەژیان و گوزەرانی پاشماوەی ئەنفال دەکات ، بەلأم بەداخێکی زۆرەوە کەگەیشتینە هۆڵی پەرلەمان هیچ حسابێکمان بۆ نەکرا تەنانەت ئامادەنەبوون لە جێگایەك بمانبینن بۆیە ئێمەش بەوە نەوەستاین و دامان لەدەرگای زۆربەی فراکسیۆنەکان ، بەلأم دیسان بەداخەوە زۆر بەساکاری چەند ئەندام پەرلەمانێك هاتنە پیری داواکاریەکانمانەوە ئێمەش یاداشتێکمان پێ بوو دابەشمان کرد بەسەر ئەندامانی پەرلەمان دا دیارە بەسوپاسەوە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵمان بوون بۆ داواکاریەکانمان لە وچاوپێکەوتنە سەرپێیانەی ناو پەرلەمان
کاتژمێر 11:15 خولەك دانیشتنی پەرلەمان دەستی پێکرد دیارە ئێمە لەسەرەوەی پەرلەمان دانیشتبووین کە جێگای میوانە سەرۆکی پەرلەمان کۆبونەوەکانی دەست پێکرد بێئەوەی هیچ ئاماژەیەك بەبوونی ئێمە بکات یان بەخێرهاتنمان بکات وەك میوان و کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال کراوەکان.
پاشان گفتوگۆکان دەستی پێکرد لەسەر مادەی سێیەم و چوارەم لە رەشنوسی یاساکەدا ئەمانە گرفتێکی زۆری تێدا نەبوو خرایە دەنگەوە دوای ئەوە مادەی شەش خرایە بەردەم گفتوگۆ مشت ومرێکی زۆر لەلایەن زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان کرا زۆربەشیان داکۆکیان لەیاداشتەکەی ئێمە کرد بەتایبەتی مادەی شەش برگەی (1،2،3) دیارە سەرۆکی پەرلەمان وەلأمی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی دەدایەوە و رازی نەدەبوو کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان یارمەتی بدرێن و زۆر بەتوندی ووتی ئێمە گەر راتبی ئەمانە بدەین ئەوا لەقۆناغەکانی سەرەتاییەوە ناخوێنن و کاریش ناکەن و وای لێدێ وەزعی ئابوریمان بەرەو خراپی دەروات بەتایبەتی لەپرۆژەکەدا هاتووە لەبرگەی دووودا دەڵێ: کور تەمەنی گەیشتە (21) ساڵ ئەوا گەر لەقوتابخانە نەبوو دەبێ یارمەتیەکەی ببرێ و دوای کۆمەڵێ قسەکردن سەرۆکی پەرلەمان

وەك ئەوەی خێر بكات ووتی: من پێشنیار دەكەم بكرێتە (24) ساڵ بەراستی زۆر لای من غەریب بوو كەكەس وكاری ئەنفال 19ساڵ هیچی بۆ نەكراوە تەنها یارمەتیەكی 150000هەزاری پێدەدرێ ئێستا تۆ بەیاسا و ڕاستە و خۆ لێی ببری چەند عادلن لەكاتێك دا ئامادەن بۆ جاش و ئەنفال چییەكان و پیاوانی چەپڵە لێدەری بەعسی راتبی باش و خانوو دیوەخانانە بدەن یان خۆیان راتبیان(5)ملوێن دینار بێ و (3 )دەفتەر وەربگرن بۆ ماشین بەلأم كوڕوبراوخوشكی ئەنفالكراو ناكرێ مانگانە وەك خاوەن قوربانی ئمتیازی خۆیان وەربگرن، چونكە تەئسیر لەوەزعی ئابوری كوردستان دەكات هەروەها سەرۆكی پەرلەمان رەدی یەك بەیەكی ئەندامانی پەرلەمانی دەدایەوە و دەیگوت ئێوە لەبەرژەوەندی خۆتان قسەدەكەن كەكەس وكارتان ئەنفالە یان شەهیدە ؟

هەروەها چنارخان وەزیری شەهیدو ئەنفال لەیەكەم هەڵسانی بۆ قسەكردن گوتی: ئەم هاتوهاوارەو قیژە قیژە چییە دەیكەن لەسەر ئەم یاسایە بەلأم دیاربوو وەلأمێكی زۆر درایەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بەلام دوای پەشیمان بوەوەو ڕووی كردە ئێمە ووتی: مەبەستم ئەوانەیە لەگەرمیان و شوێنەكانی تریان لەدەرەوەی هۆڵەكە قسەدەكەن.

بەراستی حەقیەتی خەڵكی جگەر سوتاو بێ دەرماڵەو ژیان كەداوای مافێكی سادەی خۆی بكات چنار خان دەڵێ هاوارو قیژە نازانم گەر شەهیدان و ئەنفالكراوەكان زیندوو ببنەوە چی بە چنار خان دەڵێن یاخود چۆن قبوڵی لێدەكە دەكەن و ئەو قسەیە بەچەند شێوە بۆ خۆی پێچەوانە دەبێتەوە ، هەروەها چنار خان دەڵێ وەزعی وزارەی مالیە خراپە و ناتوانین ئەو هەموو راتبە بدەین ، من دەپرسم لەچنار خان بەس پارەی سەفەرەكەی خۆی بۆ هەندەران كردی بۆ چەند مانگ ،كەس و كاری ئەنفالكراوەكانی نەدەژیان یان ئەو پاە زۆرو زەبەلاحەی كەدەكاتە 17٪ بۆكوردستان بۆ لەنێوان هەردوو حزب 49٪بۆ (ی.ن.ك) و 51٪ بۆ (پ.د.ك) دابەش دەكرێ بەئارەزووی خۆیان بەكاری دێنن بۆ مەرامی حزبی خۆیان و كۆشك و تەلاری بەرز ، بۆبۆكەس وكاری ئەنفالكراوەكان كاریگەری خراپ لەوەزعی ئابوری دەكات لە كاتێك دا ئەم حكومەت و پەرلەمانە لەسەر ئێسك و پروسكی ئەوان دامەزراوە هەروەها لەقسەیەكی تری چنار خان دەڵێ: خەڵكی پاشماوەی ئەنفال چاوەڕوانی سەدەقە دەكەن و تەمبەڵ بوونە !!!!!

وەزیری بەرێز كەس وكاری ئەنفال چاوەروانی سەدەقە ناكەن كەس وكاری ئەنفالكراو لەشۆرشدا میوانخانەو گەرماوی پێشمەرگەبون دەرگاكانیان بەشەو رۆژ والأ بوو لەبەردەمی پێشمەرگەدا بۆ حەوانەوەو ....هتد.كەچی ئیستا خیزان و كچ وكوری ئەنفالكراو داوای ژیان لەحكومەتەكەی خۆیان بكەن (هەرچەندە هی خۆیانە و هیچییان بۆ ناكرێ ) بەسەدەقەو تەمبەڵی وەلأمیان بدرێتەوە ئەبێ چی دڵمان بەم حكومەت و پەرلەمانە خۆش بێت .

بۆیە ئێمە كەبەندی دوو خرایە دەنگدانەوە و سەرۆكی پەرلەمان و وەزیری شەهیدان وئەنفالكراوەكان بەزۆر فەرزیان كرد ئێمە لە هۆڵی پەرلەمان دەرچووینە دەرەوەو دیارە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان زۆر نیگەران بوون وبووە هۆی فشارێكی زۆر بەسەر سەرۆك و وەزیرەوەو بووە جێگای نارەزایی . پاشان كۆمەڵێ

ئەندام پەرلەمانی بەرێز بەشوێنمانا هاتن و داوایان کرد ئێمە تووڕە نەبین و ووتیان ئێمە واز لە بەندەکانی دیکە ناهێنین و داکۆکیتان لێ دەکەین

بۆ یە لەژێر ئەو فشارەی ئێمە سەرۆکی پەرلەمان هاتە لامان و کۆمەڵێ قسەی کرد منیش پێمگووت: ئێمە تێرمان لەقسەی شیرین خواردووە بۆ یە چاوەروانی ئەم شێوازی مامەڵە نەبوین لە ئێوە و....هتد .

پاشان ئێمە یاداشتێکمان دابە دەستی سەرۆکی پەرلەمان کەڕەخنەو نارەزایی توندی خۆمان ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری شەهید و ئەنفال کرد و ووتمان هەر سلبیاتێك بێتە ئاراوە ئێوە شەخسی بەرپرسن لێی .

بۆ یەمن وەك کەسێك کەخاوەنی (10) خوشك وبراوبرازاو(150) لەخزم و کەس وکارم ئەنفالە داوا لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەکەم چیتر ئەم ناحەقی و ریسواییە بەکەس وکاری ئەنفال و شەهیدان قبوڵ نەکەن و هەموو رێگایەك بگرنەبەر بۆ بەدەستهێنانی داخوازییە رەواکانمان و رێگەش نەدەین کەس موزایدەمان بەسەرەوە بکا و لەسەر حسابی ئێمە ژیانی خۆش و پڕ رەفاهیەت بەسەر ببات و بە ئێمەی خاوەن قوربانیشی بەڕەوا نەبینێ داوای سادەترین مافەکانی خۆمان بکەین.